هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
The Coalition for Independence for Eastern Kurdistan
Hawpeymaniy serbexoxuazani rojhelati Kurdistan

# پیرۆز بێت یادی ١٩ ساڵەی ڕاپەڕینی خەڵکی نیشتیمانداگیرکراوی باشووری کوردستان
# هاوپەیمانی سەربەۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ڕۆژی ١٤ ڕەشەمەی ٢٦٨٨ ڕێکەوتی ١٩٩١/٣/٥ کۆمەڵانی خەلکی شاری ڕانیە دەستیان بە ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی کرد و ڕژانە ناو شەقام و کۆڵانەکانی شار و هەڵیان کوتایە سەر سەربازگە و دام ودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دڕەندەترین دیکتاتۆری سەرزەمین، واتە ڕژێمی پێشووی بەعسی سەدامی و ڕەگەزپەرستی عەرەب.

شاری ڕانیە بوو بە دەروازەی ڕاپەڕین و ئازادی وسەربەخۆبوون، لە ماوەی چەند کاژێرێکدا خەڵکی کۆڵنەدەری شاری ڕانیە توانیان ڕژێمی داگیرکەری بەعس شاروەردەر بکەن و بوون بە پێشەنگی شارو ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان.

جێگای ئاماژەیە کە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان پاش چەند ساڵێک کۆمەڵکوژی و بە عەرەبکردن و بە بەعسیکردنی ناوچەکانی کوردستان و هەروەها ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستان و هەوڵی لە ناوبردنی گەلی کورد لە لایەن ڕژێمی داگیرکەری بەعسی عەرەبی ڕەگەزپەرستەوە، بەڵام پاش دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و بەرزبوونەوەی ورەی خەڵک وبڕوا بەخۆبوون،و بە هۆی یەکڕیزیی هێزە کوردستانیەکان لەو سەردەمەدا گەل توانی دڕەندەترین و گەورەترین هێزی سەربازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەند ڕۆژێک شار وەدەر بکات، بیرەوەری ئەو ڕۆژە مەزنە هەموو ساڵێک لە ٥ مارش وەک وانەیەکی مێژوویی ڕیزی لێدەگیرێت و بەرەو یەکڕیزی زیاتر هانمان دەدات.

ئێمە وەک هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی  کوردستان بە بۆنەی ١٩ ساڵەی ڕاپەرینە مەزنەکەی باشوری وڵاتمان پیرۆزبایی لە گشت کوردستان و بەتایبەت لە  باشووری کوردستان دەکەن، و هیواخوازین کە پریشکی ئەو ڕاپەڕینەش بۆ وەدەرنانی  داگیرکەران بگاتە گشت بەشەکانی کوردستان.

هاوکات بانگەوازی خۆمان بۆ گشت هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوێ دەکەینەوە و دەڵێین با ئەم یادە پیرۆزە بکەین بە ڕۆژی یەکڕیزی نەتەوەیی ونیشتیمانی کوردو کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتیی.

هەر پیرۆزبێت یادی ڕاپەڕین سەربەخۆیی بۆ کوردستان و ئازادی بۆ کورد.
١٤ ڕەشەمەی ٢٧٠٩ ڕێکەوتی ٢٠١٠/٠٣/٠٥

**هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

پارتی سەربەستیی کوردستان

پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)


hawpeimani@gmail.com